www.kurdistannet.org
6-12-2006 8:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕاهێنەری تیپی کچان لە شاری (یۆتۆبۆری)، بە تاوانی سێکسی بۆ سەر منداڵان دادگا دەکرێت ... ئەحمەد تازەدێیی

سوید



دادگا، سزای دوو ساڵ و هەشت مانگی سەپاند بە سەر ڕاهێنەری چل ساڵەی خاوەن دوو منداڵ. ڕاهێنەر ماوەی ساڵێکە دەست درێژی سێکسی دەکاتە سەر کچێکی خوار تەمەن هەژدە ساڵ.

ڕاهێنەری تیپێکی کچانی یۆتۆبۆری، بە تاوانی دەست درێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان سزا دەدرێت.

بە هۆی مەشق پێ کردنەوە، ئەتوانێت سود وەرگرێت و پەیوەندی لە گەڵ کچێکی تەمەن چواردە ساڵ، ببەستێت. لە مانگی نۆی دوو هەزارو پێنج تاوەکو مانگی هەشتی دوو هەزارو شەس، کەڵکی لەم پیوەندیە سێکسیە وەرگرتووە. لەبەر ئەوەی دەست درێژی دەکاتە سەر منداڵ و، هەوەها بەرامبەرەکەی بەناڕازی لە گەڵی جووت بوە، ئەوا دوو ساڵ و هەشت مانگ زیندان دەکرێت. بۆ ئەوەی کچەکە قەرەبو بکرێت، لە دادگای ناوچەیدا، دادگا، سزای (130 000) کرون دەسەپێنێت بە سەر ڕاهێنەرداو لەگەڵ ئەوەشدا ئەدرێت بە کچەکە وەک قەرەبوو. هەروەها بە تاوانێکی تر دادگایی دەکرێت و دەبێت (9000)، کرون بە کچی دووەمیش بدات، کە دەست درێژی سێکسی کردۆتە سەری.

http://www. aftonbladet. se/vss/goteborg/story/0، 2789، 946508، 00. html

هەردوو کچەکە بە بڕیاری خۆیان سکالایان دژ بە ڕاهێنەرو مەشق پێکەری تیپەکەیان تۆمار کردووە. ئەم دوو کچە ئێستا تەمەنیان گەشتۆتە پانزە ساڵ. هەموو ئەندامانی تیپەکە لە ساڵی 1991 و1992 لە دایک بوون. هەروەها دادگا بەڵگەیەکی تری بەدەستەوەیە کە ڕاهێنەر بە مۆبیل لە ڕێگای sms )، (نامە)، داوای جووت بوونی لێ دەکات و چەندین وێنەی ئەندامی زاوزێی گرتووە. پۆلیس لە لێکۆڵینەوەی خۆیدا توانیویەتی دەست بە سەر چەندین وێنەی ڕووتو سێکسیدا بگرێت.

http://expressen. se/index. jsp?a=778282